# چییەتی رەخنەو فەلسەفەی رەخنەیی کانت[i]

**نەوزاد جەمال فەرەج** بەشی فەلسەفە، کۆلێژی ئەدەبیات، زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر، هەرێمی کوردستان، عێراق.
ئیمەیڵ: Newzad.jemal@gmail.com

**پوختە:**

رەخنە چییەو ئەرک و رۆڵی لەفەلسەفەی کانت چییە؟ ئەرکی سەرەکی ئەم پەیپەرە وەلامدانەوەی ئەو پرسیارانەیە. ئاشکرایە، فەلسەفەی کانت بە 'رەخنە' جیادەکرێتەوە. لەگەڵ ئەوەشدا، رەخنە تەنها ناونیشانی کتێبەسەرەکیەکانی نییە. بەڵکو، چەمکی رەخنە، روانگەیەتی لەفەلسەفەو رۆڵی فەیلەسوف. بەدەربڕینێکتر، کارو ئەرکی سەرەکی فەلسەفەو فەیلەسوف لە بەرگریکردن و داکۆکیکردن لە راڤەو پرسێکی فەلسەفیدا چڕنابێتەوە، بەڵکو، ئەرک و رۆڵی سەرەکیان بڕیاردان و داوەریکردنە.

بەمەش، لە 'کانت'ەوە توێژینەوەی فەلسەفە ڕێڕەوێکیتری گرتەبەر: ئاڕاستەیەکی رەخنەییانەی بابەتەفەلسەفیەکانی وەرگرت. لەبەرئەوە، دەبێت فەلسەفە بە رەخنەکردنی ژیرو چوارچێوەو تواناکانی زانین دەستپێبکات. بەتەنها ژیر لەوەدا بەرپرسە. بەواتایەکیتر، ژیر گومانلێکراوو تۆمەتبارەکەیە لەدادگای ژیر خۆیدا. هەروەها، ژیر رزگارکەرو فریاڕەسەکەشەکە.

**وشە سەرەکیەکان:** رەخنە، ئەرک، ئامانج، فەلسەفەی ترانسیێدنتاڵ.


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(4).paper9 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.4, December.2020

**دەستپێک:**

سیمایەکی دیارو ناسراوی فەلسەفەی کانت بریتیە لە رەخنەکردن. جگەلەوەی کانت لەسەردەمێکدا کە رۆشنگەریی و بیری زانستی تازە دەخەملّی، رەخنەی کردە پرۆژەیەکی فەلسەفیی سیستماتیک و هەڵسەنگاندن و پێداچوونەوە بەو بۆچوونە فەلسەفییانەی کە لە دووئاراستەدا بۆ سەردەمانێک چەقیانبەستبووە: دۆگماتیزمی ژیرگەریی لایپنتز-ڤۆڵف و ئیمپیریزم/ گومانگەریی لۆک و هیوم. لەپەراویزیکی پێشەکەیەکەیدا کانت دەڵێ "سەردەمەکەی ئێمە، سەردەمێکی رەسەنی رەخنەکارییە بۆهەر شتێک کەبخرێتە بەررِەخنە. ئایین بەپاساوی پیرۆزییەوە، دەسەلاّتی یاسادانان بەبیانوی شکۆسالارییەوە دەیانەوێت خۆیان لەسەروو رەخنەوە دابنێن. بەلاّم، بەمە تەنها گومان لەسەرخۆیان زیادەکەن و ناتوانن داکۆکی لەخۆیان بکەن بەرامبەر توێژینەوەی ژیر کە بەئاشکراو ئازادانە بکەن" (Kant, 1998(2009), pp. 100-1).

کەواتە، ئەو مۆرکە رەخنەییەی کە کانت لە فەلسەفەیدا، بووەهۆی ئەوەی ئەرک و رۆڵی فەلسەفە رەخنەییانەبێت. لێرەوە، تاوتوێکردنی چییەتی و ئامانجی رەخنەکردن بایەخێکی فەلسەفیی و هاوکات بەجۆرێکیش ئاشنابوونە بەفەلسەفەی کانت. بۆیە، ئەم توێژینەوە لەرووی میتۆدییەوە بەسەر سێ تەوەری سەرەکیدا دابەشدەبێت: تەوەری یەکەم: چییەتی و واتای رەخنە لەگەڵ ئەرک و ئامانجی رەخنە شرۆڤە دەکات. تەوەری دووەم؛ فەلسەفەی ترانسێندێنتاڵ و ئەوە چییەو کێیە کە رەخنەکانی کانت دەیگرێتەوە. تەوەری سێهەمیش؛ رەخنە وەک پارادیمێکی نوێ لەفەلسەفەدا. ئەم تەوەرانە، بەشێوەیەکی شرۆڤەیی و راڤەیی تاوتوێدەکرێن.


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(4).paper9 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.4, December.2020

# تەوەری یەکەم: شرۆڤەی واتای ڕەخنەو پێناسەکردنی

ڕەخنە بەواتای فەلسەفیی و زمانەوانی وشەکە، چییەو چیدەگەیەنێت؟ ئامانج و مەودای ڕەخنەکانی کانت بەرەوکوێیە؟

## 1 - واتاو پێناسەی ڕەخنە:

ئەگەر شرۆڤەی وشەی 'ڕەخنە' لەرەگوڕیشە زمانەوانی و هاوکات لەبەکارهێنانە کانتیەکەیدا بکرێت، باشتر لە پەیامەفەلسەفیەکەی کانت تێدەگەین. چونکە، بەگۆترەنییە کانت ناونیشانی بەرەخنە دەستنیشانکردووە. لەوێدا دەستەواژەی 'ر.ژ. پ' دوواتای هەیە:

- بۆ ئەو توێژینەوەی لە کتێبەکەیدا کردوویەتی بەکاریهێناوە.
- هەروەها، بۆ ناونیشانی کتێبەکەی.

بەڵام، وشەی ڕەخنە لەبنەڕەتدا وشەیەکی یۆنانییە *(kpivelv)* کە ڕەهەندێکی یاسایی هەیە: بەواتای هەڵاواردن، جیاکردنەوە دێت. لەمەوە، کانت وشەی "ڕەخنە" بەواتای 'توێژینەوەی دادوەرانە' و دادگاییکردنی ڕەخنەییانەی ژیر بەکاردەهێنێت (Kant, 2004, p. 62). هەروەها، چەمکی 'ڕەخنە' بەواتای جیاکردنەوەو دابڕینی کایەکان و تێکەڵنەکردنی سنوورەکانی زانین و ژیرییە بەیەکتر بەکاردەهێنێت. جگەلەوەش، ڕەخنە بڕیاردان-داوەریرکردن-ە لەراستی بابەتەکان (Kant, 2004, pp. 72-3). ئەو ئەرکە ڕەخنەییەش دەکەوێتە ئەستۆی ژیری پەتی کە دەبێت پێشیانەیی بەجێیبهێنێت.

لەلایەکەوە "ڕەخنە" (سەبجێکتیڤ)خۆیەکییە. چونکە، ژیری پەتی ئەنجامدەرەکەیەتی. لەلایەکیتریشەوە، - بابەتییە. چونکە، بریتیە لەرەخنەکردنی ژیری پەتی بێگەرد (Kant, 2004, p. 62). کەواتە، دیالێکتیکی ژیری ڕەخنەیی کانت بریتییەلە: ژیر سەبجێکتیڤەو هەم ئۆبجێکتیڤانە هەڵدەسوڕێت. بەڕای 'ستیڤان پاڵمکویست' چەمکی ڕەخنە لای کانت؛ دۆزینەوەی دەرچەیەکە لەنێوان دووجەمسەری توندڕەودا (ئایدیالیزمی دیالێکتیک/دۆگماتیک و گومانگەری/ئەزموونگەریی). بۆیە، ئەو بیرکردنەوە ڕەخنەییە کرۆکی شۆڕشە کۆپەرنیکیەکەیەتی (Palmquist, 2019, p. 37).

هەروەها، کانت ڕەخنەکردنی ژیری پەتی وەک توێژینەوەیەکی میتۆدیی نەک سیستمێکی زانستی پێشکەشکردووە. ئامانجەکەشی ڕۆشنکردنەوەی بونیادی ناوەوەی زانستی میتافیزیکە (Kant, 1998(2009), p. 114). کەواتە، چەمکی ڕەخنە بەواتایەکی بەرفراوان و بەرتەسک بەکاردەهێنێت. لەواتا بەرتەسکەکەیدا ڕەخنە ئاماژەیە بەپرۆژەکەی لە دەستنیشانکردنی چەمکە پەتی و بنەما تیۆریەکانی زانین و چەمکەکاندا، هەروەها ئەو بنەمایانەی کە بنچینەی زانین سەبارەت بەسروشت


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(4).paper9 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.4, December.2020

پێکدەهێنن. بەواتا فراوەنەکەشی، رەخنە ئاماژەیە بەتوێژینەوەیەک لەبارەی شیان و سنوورەکانی زانینی پێشیانەیی. کەواتە، مەبەستەکە تەنها مەرجە تێورییەکانی زانین نییە، بەڵکو مەرجەکانی بڕیاردانی پراکتیکی و ئێستەتیکی لەبواری توایژینەوەدا (Sedgwick, 2012, pp. 140–141).

ئاشکرایە، چەمکی رەخنە واتایەکی قوڵترو فروانتری لای کانت هەیە لەوەی کە رواڵەتی وشەکە دەیگەیەنێت. بۆیە، رەخنە: 'توێژینەوەیەکی شیکارییە بەئامانجی دەرخستنی تواناکانی ژیری مرۆڤ. هەروەها، بەمەبەستی گەیشتن بەکۆمەڵێ بنەمای گشتی کە زانست پشتیان پێببەستێت. هاوکات، بەبێ ئەم بنەمایە، ریساگشتیەکان هیچ ئەزموونێکی زانستی رێی تێناچێت'.

لێرەوە، رەخنەگرتن تەنها بەزانین یان بەرەوشی زانینەوە بەندنییە. بەڵکو، کایەکانی وەک 'جوانی، ئایین و رەوشت و سیاسەت'یش دەگرێتەوە. لەتێگەیشتنی 'کانت'دا فەلسەفە، بەبێ رەخنەی شیکاری ناتوانێ پێشکەوتنی روون و بەرچاو بەدەستبهێنێت. جگەلەمەش، پەیامی کانت لە رەخنەکردندا راستییەکە؛ ئەرکی فەلسەفە شیکردنەوەو رەخنەکردنی ئاکارە. لەبەرئەوە، تواناکان لەشیکردنەوەی دیاردەکان لەخۆیاندا، بەفیرۆچوونی هەوڵوکۆششەکانە. چونکە، ژیر لەدەرەوەی جیهانی سروشت، ناتوانێ ئەرک وچالاکی خۆی جێبەجێکات.

کانت پشتگیری لەو بۆچوونە دەکات کە ناتوانرێ تەنها بەژیری بیربکرێتەوەو درک بەپەیوەندی هۆیەکیەکان بکرێ. هەرچی بیرۆکەو وێناکردنی مرۆڤە، بنەماکانی پەیوەندی بەخودی شتەکانەوە نییە لەخۆیاندا. بەڵکو، پەیوەستن بەو شتانەوە کە بابەتی ئەزمونکردنن. لەم، سۆنگەوە، فەلسەفەی رەخنەیی کانت لە پرسیارێکی سەرەکیدا بەرجەستەدەبێت: ئایا میتافیزک دەکرێ وەک زانستێک هەبێت؟ لای کانت ئەو میتافیزکەی کە دەیەویت ببێتە زانست پشتئەستورە بەرەخنەکردنی ژیری و دەستنیشانکردنی ئەو سنورانەی کە نابێت ببەزێنرێن. ئەگەرنا، ژیر دەکەوینە هەڵەوە. لێرەدا، کانت میتافیزک و فەلسەفەی رەخنەیی یا فەلسەفەی ترانسێندتاڵ پێکەوە لەیەک دەدات.

ئاشکرایە کە رەخنەکانی کانت میتافیزیک و زانین و ئاکارو ئایین و جوانناسیشی گرتۆتەوە. رۆڵێکیتری رەخنەکەی لەبواری رەوشت و ئاکاردایە. چونکە، ئەو دەریخست زانینی تێوری بەتەنها بۆ بەجێهێنانی ئەرک و فەرمانەرەوشتییەکان بەس نییە. لەکاتێکدا زانینی زانستیانە، ناتوانێ سروشتی بنەڕەتی واقیعی یان راستی شاراوەی شتەکان لەخۆیاندا بۆمان دەربخات )ابراهيم، ١٩٦٣، .p٢٧(.


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(4).paper9 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.4, December.2020

## 2 - ئەرکی 'رەخنە' لەفەلسەفەدا:

کانت لەپێشەکی چاپ یەکەمی 'ر.ژ.پ' دا دووپاتیکردۆتەوە کە ئەرکێکی سەختی خستۆتە ئەستۆی ژیر: پشکنین و داوەریکردنی ژیر خۆیەتی. پشکنینی ژیر و تواناکانی و بریاردانیش لە توانا خۆییەکانی( (Kant, 1998(2009), pp. 62-5)). بەمەش کانت ئەرکی فەیلەسوف و فەلسەفەی لەداکۆکیکاری ئاراستەیەکی فەلسەفیی یان بانگەشەکردن بۆ ڕێبازێک، بۆ داوەرو رەخنەگر گۆڕی. لەبەرئەوە، تایبەتمەندییەکی رەخنە لەدامەزراندنی دادگاییەکدایە بۆ ژیر. لەکاتێکدا کاراکتەری فەیلەسوف پێشتر(هەتا لایپنتزیش واوبووە) بریتی بووە لەوەی وەک توێژەرو لێکۆڵەرێ یان داکۆکیکارو پارێزەرێک کاربکات و بیربکاتەوە. بەڵام، لە 'کانت'ەوە ئەرکی فەلسەفە بووە رەخنەکاری و دادگاییکردنی چەمک و بابەتەکان. واتە، چەمکەکان وەک کارەکتەرێک مامەڵەیان لەتەکداکراوە. لەم پێناوەشدا، کانت میتۆدێکی تایبەت بەخۆی داهێنا کە میتۆدی رەخنەییە. ئیتر، لەوەوە چەمکی دادگایی لەمیتۆدی رەخنەیی جیانابێتەوە (Deleuze, 1984, pp. 245-250).

بەڵام، ئەو تەنها فەیلەسوفەکانی پێشخۆی رەخنەناکات، بەڵکو بەگشتی لەو دادگارەخنەییەیدا تواناکانی ژیریش تاوتوێدەکات. بەرای 'ئارێندت' مەبەستی کانت لە رەخنە، رەخنەکردنی کتێب و سیستەمەکان نییە، بەڵکو رەخنەی تواناکانی ژیری مەبەستە (Arendt, 1996, p. 66). کانت خۆی ئامانجی لە کتێبی 'ر.ژ.پ' دەردەبڕێ کە: 'رەخنەکردنی سیستمە فەلسەفیەکانی پێشخۆی نییە، بەڵکو تەنها رەخنەکردنی توانای ژیری پەتی خۆیەتی (Kant, 2004, p. 112). کەواتە، رەخنەگرتن بەپلەی یەک رەخنەکردنی تواناکانی ژیرییە بەشێوەیەکی گشتی(وەک رۆرتی لەشرۆڤەیەکدا هەمان شتی دووپاتکردۆتەوە).

لەم سۆنگەوە، فەلسەفە دەبێتە رەخنە یان دیدێکی رەخنەیی و کە لەسەردەمی رەخنەکاری و رۆشنگەریدا پێیدەناسرێتەوە. واتە، ئەو سەردەمەی کە مرۆڤ تێیدا پێگەیشت (Arendt, 1996, p. 65). جگەلەوەش، کانت مەبەستی خۆی لە چیەتی رەخنەدا بەوە دەردەخات کە دادگەیەکە جگەلە رەخنەکردنی ژیری پەتی خۆی هیچترنییە (Kant, 1998(2009), p. 101).

بەڵام، ئەرکی فەلسەفەی رەخنەیی تەنها لە لێکدانەوەو شرۆڤەی دەستوری ژیر یان نیشانەکانی زانینی مرۆیی نییە. بەڵکو شرۆڤەو راڤەکردنی ئەو بۆچوونەسەرەتاییانە کە لەبواری زانست و پراکتیکدا درێژدەبێتەوەو پێکەوەیان دەبەستێتەوە )ابراهیم، ١٩٦٣، .p١٧(. کەواتە، ئەرکی رەخنەی ژیری رامانەکی[ii] لەسەر ئەوە دامەزراوە کە گۆرانکاری لەو میتۆدە باو و بەکارهاتووەی میتافیزیک بگۆڕێت. واتە, سەرێخستن و هەڵگیرسانی شۆڕشێکە(کانت وشەی "شۆڕش" بۆ رەخنە بەکارهێناوە) تاوەک ئەندازەو زانستەسروشتیەکان پەرەبسەنێت (Kant, 1998(2009), p. 113).

لێرەوە، فەلسەفەی رەخنەیی کانت بەسێ فاکتەر دەستنیشانکراوە:

- حەزی دامەزراندنی فەلسەفە لەسەر بنەمایەکی زانستی.


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(4).paper9 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.4, December.2020

- ئاگایی سەبارەت بە سنوورەکانی ژیری مرۆڤ.
- باوەڕێک کە زانستی فەلسەفە بەیەکجارەکی دەکرێت دامەزرێت، ئەوەش بە بەکارهێنانی سوبجێکت وەک بنەمایەک، سەرەڕای ئەو سنوورانەش کەهەن (Di Giovanni, 1985, pp. 12–15).

کەواتە، رەخنەکە بڕیارێکە سەبارەت بە ئەگەرو شیانی یان ئەستەمی میتافیزیک/ زانینی پێشیانەیی بەگشتی، بەتایبەتریش سەرچاوەو مەوداو سنورەکانی زانین لەسەر چ بنەمایەک بنچینەبگرێت (Kant, 2004, p. 62). لەبەرئەوە، ئەرکی فەلسەفە پاراستنی چارەنوسی سروشتی ژیرییە لەهەر شپرزەیی و بەدحاڵیبونێ.

## 3 - رخنەکردنی ژیر بەشێکە لەچالاکیەکانی خۆی:

چەمکی رەخنە پرسیارێکی دووسەرە دەخاتەوە: ئایا رەخنەکە ژیری پوخت دەیکات؟ یان رەخنە لەخۆیدا، ژیری پوخت بۆ پشکنین و ووردبوونەوە ملکەچی دەکات؟ ئاشکرایە، لای دۆگماتیکەکان ژیر وەک ئەرکێکی ئیپستیمی(زانینەکی) سنووری خۆی نەدەزانی، بەرەو بابەتی رەها کە نەدەکەوتە سنوورو مەودای زانینەوە سەریدەکرد(دەڕۆی). لای گومانگەرەکانیش، ژیر لە بەدەستهێنانی زانیندا تەواو دەستەوسان و لاوازە. بۆیە، بەڕای ئەوان تەنها ئەزموونکردنی هەستەکی ڕێگەچارەیە!

بەڵام لەمیتۆدی رەخنەیی کانتدا نەبۆچوونی یەکەم کە 'زانین تەنها لەرێی ژیریەوە رێتدەچێت' و نەئەوەش کە 'تەنها هەست لەبەدەستهێنانی زانیندا بەو ئەرکە هەڵبسێت. ناکۆکی کانت لەگەڵ ئەو دوولایەنەدا بەرەخنە دەرکەوت (Arendt, 1996, p. 64). بۆیە، گومانکردن لەژیر لای کانت کارێکی رەوایە. بەڵام، نابێت بکرێتە بیانوی دەستهەڵگرتن چالاکی و تواناکانی. توێژینەوەی رەخنەیی لەرۆڵ وپێگەی ژیر، بەشێکە لە چالاکی رەخنەیی خۆی. چونکە، پێویستە لێپێچینەوە لەژیر وەک بابەتی زانین بکرێت. ئیدی، کانت لەمتمانە بەتواناکانی ژیرییەوە، ژیری پەتی رەخنەدەکات. ئەو ئەرکەشی لەئەستۆی خۆیگرتووە کە سەرەڕای ئەوەی جیاوازو فەلسەفەکەی سەخت و خۆشی تەنهاکردووە: " هەر بەردەوام دەبم سەرباری ئەو راستییەگرانەش" (Kant, 2004, pp. 73–5). کانت دەستنیشانی هەڵەیەکی زەقی لەبەکارهێنانی ژیردا کردووە: بەکارهێنانی تواناکانیەتی لەدەرەوەی ئەزموون.

بەڵام، ئامانجەکە ئەوەنییە کە لەو ڕێگەوە بگەڕێتەوە بۆ بێتوانایی ژیرو دەستەوسانی لەئاستی وەڵامدانەوەی پرسیارە میتافیزیکەکاندا (خودا، نەمری رۆح و سەربەستی). بەپێچەوانەوە، لەجیاتی گرتنەبەری ڕێگەداخراوو بێئەنجام و نەرێنیەکەی گومانگەرەکان، کانت دەڵێ: " دەمەوێت ژیری پەتی لەڕێگەی بنەماکان–پرەنسیپەکان–ەوە دیارییکەم. هەروەها، ئەو بەدحاڵیبوونەی ژیری کە لەگەل خۆیدا هەیەتی، رزگارییکەم" (Kant, 2004, pp. 73–5). چونکە، پاڵنەرەکە وەڵامدانەوەو رەواندنەوەی بەدحاڵیبوونێکە لە تواناکانی ژیر لەزانینی پێشیانەییدا. ئەوەش ماماڵەیەکی ناراستە لەگەڵ ژیردا کە


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(4).paper9 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.4, December.2020

لەروانگەی ڕێبازی دۆگماتیکەوە بێ توێژینەوەو ڕەخنە، بڕیاریانداوە. لێرەوە، ئەرکی فەلسەفە دوورخستنەوەی پەرتەوازەیی و شپرزەییەک کە بەهۆی دۆگما و گومانگەرییەوە کەوتۆتەوە.

سەرەڕای ئەوەی ژیر ڕەخنەلێگیراوەکەیە، بەڵام هەر جێگەی متمانەیە. لەبەرئەوەی ژیر یەکبوونێکی پێگەیشتووە لەڕێگەی سروشتی خۆیەوە، چارەسەر دەدۆزێتەوە. بڕوابوون بەئەرکی خۆی و متمانە بەتوانای ژیری، لای کانت ئەوە ناگەیەنێ کە وەڵامی پرسیارەسەرەکیەکانی میتافیزیک، سەرووهەستەکیەکان[iii](خودا، ڕۆح و سەربەستی) لایە. کەواتە، ئەرکی ڕەخنە "تاوتوێکردنی ژیری پەتی و تواناکانی بیرکردنەوە نەزیاترو نەکەمتر"! (Kant, 2004, pp. 73–5).

کەواتە، ئەرک و ڕۆڵی فەیلەسوف وەڵامدانەوەی ئەو بەربەرەکانییەیە کە دووچاری ژیر دەبێت، نەک گیرۆدەبوون بەوەڵامی پرسیارە سەرووهەستەکیەکان. ئەم ئەرکەش، پێویستی بەبیرکردنەوەی قوڵ و کاری تۆکمەو بێکەلەبەرە، نەک هەوڵی ڕەمەکی و گۆترەییانە (Kant, 2004, pp. 73–5). لەپرۆسەی ڕەخنەکردنی ژیرو تواناکانی لەزانین و میتافیزیکدا، ژیر ڕۆڵی چارەسەرکاری هەیە. چونکە " هیچ شتێک ناتوانیت لەدەستمان(ژیر) دەرچێت. لەبەرئەوەی ژیر، هەرشتێک کە لەخۆیدا بەرهەمی دەهێنێت و لێوەی هەناسەدەدات ناتوانێت بشارێتەوە.

ئیدی، ئەو شتانەی لەژیری خۆیەوە لەدایکدەبن، هەر خۆیان لەڕێگەی ژیرییەوە ڕۆشندەبنەوە. بەومەرجەی مرۆڤ بنەمای هاوبەشی نێوان بابەتەکانی ژیر ئاشکرابکات و بدۆزێتەوە' (Kant, 2004, p. 63). ئەمەش پاش ئەوەی کانت پێداویستییەکانی سیستمی ڕەخنەی خستۆتە بەردەم و هەموو پرەنسیپەکانی سیستەمی ڕەخنەیی وەک بەشێک لەسیستمی فەلسەفەکەی تاوتوێکردووە (Kant, 2004, p. 70) .

## 4 - متمانە بەرەخنەکردن وەک ڕێچارە:

بەڕای کانت، کێشەیەک نییە لەفەلسەفەدا کە بەڕێی ڕەخنە چارەسەرنەکرێت یان بەلایەنی کەمەوە کلیلی چارەکردنی بەدەستەوەنەدرابێت (Kant, 2004, p. 63). کەواتە، 'فەلسەفەی ڕەخنەیی' لەناوەڕۆکدا میتۆدە، نەک ڕێبازو بیروباوەڕێکی دیاریکراو[iv]. گرنگی کانت لەوەدا کورتنابێتەوە کە ژیری لەپرۆسەی زانیندا ناتوانیت دەرکەوت و دیاردەکات تێپەڕێنێ یان سنوورەکانی ببەزێنێت یان نکولی بکات لەوەی ژیر لەباریدانییە شت لەخۆیدا بزانێت، یان لەبەرئەوەی ئەستەمە 'خودا، ئازادی ویست، نەمری دەروون' بسەلمێنرێت. یان لەبەرئەوەی میتافیزیک لەسەر بنەمای ڕەوشتی دامەزراند، یان لەبەرئەوەی بانگەشەی ئەوەیکردووە کە دەبێت ژیر مل بۆ بەڵگەنەویستەکانی ژیری کرداری بدات. بەڵکو، بایەخی فەلسەفە ڕەخنییەکەی لەوەدایە، کە توانی میتۆدیانە ئەو پرسە ترانسێندێتاڵانە یەکلایی بکاتەوە.


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(4).paper9 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.4, December.2020

بۆیە، فەلسەفە رەخنەیی شۆڕشێکی میتۆدییە بەپلەی یەکەم. چونکە، بەمیتۆدیکی زانستیانە وەک دەرەتان و رێی دەربازبوونی فەلسەفە بکاتەوە )ابراهیم، ١٩٦٣، (p. 231. بەڵام، بیرکرنەوەی رەخنەییانە، دەچێتەژێر دەسەڵاتی تاقیکردنەوەیەکی ئازادەوە کە بێئەوەی پشێداوەری لەبارەی بابەتێکەوەکرابێت (Arendt, 1996, p. 72). دیارە، ئەنجامی رەخنەکانی کانت، خۆبەخۆ بیرکردنەوەیە. واتە، بەکارهێنانی ژێر خۆیەتی. بەمەش کانت شوورەییەکانی(ئابڕوچوون[v]) ژێری دەرخست. دواجار، ئەو ئابڕووچوون و شوورەییە بەهۆی ئەونییە کە دەسەڵاتێ یان خوونەریت ئێمە دەخەنە سەر ریێچکەی هەڵە. بەڵکو، ئەوە ژێری خۆیەتی کە بەهەڵەماندا دەبات (Arendt, 1996, p. 64).

ئیدی، رەخنە توانی سەرچاوەو سنوورەکانی ژێری بدۆزێتەوە. بۆیە، کانت پێیوابوو رەخنەکانی تەنها لەپێناو فراوانکردنی سیستمێکی فەلسەفی تەواودایە بەمجۆرە، زاراوەی 'رەخنە' لای کانت بەرامبەر ریبازvi دەوەستێتەوە (Arendt, 1996, p. 64. بۆیە، لە رەخنەوە هەڵسەنگاندن و شەنوکەوکردنی هەموو سیستەمە فەلسەفیەکان سەرڕێکەوت (Arendt, 1996, p. 64).

## 5 - ئامانج و مەودای رەخنە:

ئامانجی رەخنە دادگایکردنی ژێری پەتیە کە ئەرکێکی دوولایەنەی لەخۆگرتووە: سکاڵاکەرەکە ژێری پەتییەو تۆمەتبارەکەش هەر خۆیەتی، هەروەها داوەرو پارێزەرەکەش هەر خۆیەتی. ئامانجی گشتی رەخنە لە 'ر.ژ.پ'دا :

1 –دەرخستنی شیاویی و نەشیاوی میتافیزیکە.
2 –دەستنیشانکردنی سەرچاوەکانی زانین.
3 –ناسینی سنوورەکانی زانینە.

بێگومان، ئەم ئەرکانە تەنها بەرێی بنەما بنچینەییەکانی ژێری تیۆریی نەک بەئەزموونکردن دەبێت. چارەنووسی ژێری مرۆڤ خۆیەتی کە سەرەرای کۆڵنەدانی لەزانینی 'نۆمینە' و بابەت–بیرۆکە– ترانسێندێنتاڵەکان، لەپرسیار دەربارەیان ناوەستێت. لەبەرئەوەی، ئەو بابەتانە بەرهەمی بیرکردنەوەی خۆیین. بۆیە، هەردەم ژێر پێیانەوە هەڵەوگیرە: "ژێری مرۆڤ بۆئەو پرسیارو بابەتانە دەڕوات کە ناتوانێ لەبارەیانەوە زانین بەدەستبێنێت. ئەمە سروشتی ژێری خۆیەتی کە ناکرێت سەرزەنشتکریت یا تاوانباربکرێت' (Kant, 2004, pp. 62-3).

کەواتە، ئامانجی کانت لەرەخنەکردن، دۆزینەوەی رێچارەیەکە لەنێوان تەڵەزگەر ژێرگەری دۆگمایی و گومانگەریدا. چونکە، ژێرگەرەکان باوەریان وابووە تەنها ژێر لەباریدایە زانینی پێشیانەیی سەبارەت بەشتەکان وەکئەوەی لەخۆیاندان، بەدەستبهێنێت. لەکاتێکدا، گومانگەرەکان پێیوانبوو زانینی پێشیانەیی ئەستەمە. کانت هەڵوێستی ژێرگەرەکانی رەتکردۆتەوە کە زانین پێشیانەیی لەبارەی شتەکان لەخۆیاندا بەدەستبێت.


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(4).paper9 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.4, December.2020

هەروەها گومانگەرەکانیش بەهەڵەداچوون کە زانینی پێشینایەنان رەتکردتۆەوە، چونکە دەکرێ لەبارەی دەرکەوتەوە ئەو زانینە پاش رەخنەکردنی تواناکانی زانین بەدەستبێ. بۆیە، رەخنە، هەڵسەنگاندنی زانین و سنوورەکانی زانینە کە بنەما پێشیانەییەکان تاقیبکاتەوە (Thorpe, 2015, pp. 57-8). رەخنەکردنی تواناکانی ژیر، ئامانج و کرۆکی 'ر.ژ. پ' یە نەک سیستم و ریبازەکان بەدیاریکراو. رەخنە، مۆدێلی دادگاییەکردنە کەلەلایەن ژیرە (Mudroch, 2005, p. 90).

## تەوەری دووەم: فەلسەفەی ترانسێندتاڵ وەک رەخنە

### 1 - فەلسەفەی ترانسێندتاڵ و رەخنە:

چەمکی فەلسەفەی ترانسێندتال بریتییە لە: 'بیرۆکەی زانستێک کە ژیری پەتی بەپێی پلانێک ئەندازیاریانە-ئەرشتێکتۆنیک- رەخنە دەکات (Kant, 2004, p. 113). واتە، لەسەر بنەمای کەرەسە-شتەکان هەرچی پارچەی مسۆگەرو نامسۆگەری سیستمەکە دەستەبەر بکرێت. واتە، سیستمی هەموو بنەماکان ژیری پەتییە. لێرەوە، لەبەکارهێنانی کانتدا رەخنە، بەواتای فەلسەفەی ترانستتاڵ دێت. فەلسەفەیەک کە دەبێ هەموو زانینێکی پێشیانەیی لەخۆبگرێت. بەڵام، رەخنە خۆی لەشیکاریکردن و شرۆڤەکردنی چەمکەکان بەدووردەگرێت. چونکە، شیکاری ئامانجدارنییە (Kant, 2004, p. 113).

بۆیە، هەموو بەشێک لەرەخنەی ژیری پەتی، بەشێکیشە لە فەلسەفەی ترانسیندتاڵ. بۆیە، دەبێت بەهیچ شێوەیەک چەمکە ئەزموونییەکان نەخرێنە نێوبازنەی ئەو جۆرە رەخنەیەوە. چونکە، ئەوە ئیشی ئێمە نییە (Kant, 2004, p. 114). بۆنموونە، ئەرکە ناچاریەکانی مۆراڵ لە 'ر.ژ.پ'دا جێینابێتەوە. چەمکی خۆشی و ناخۆشیی، حەزوئارەزوو ئەزموونین. لەبەرئەوە، کانت جیاوازی لەگەل رەخنەی ژیر لە ئاکارو ئیستاتیک دەکات.

کەواتە، هەموو شتێک بەشێکە لەرەخنەی ژیری پەتی، ئەگەر بەشێک بێت لە لەرەخنەی ترانسێندتاڵ (Kant, 2004, p. 114). بۆیە، هەموو بابەتێک پێویستە سەرلەنوێ رەخنەبکرێتەوەو نابێت بخرێتە دەرەوەی رەخنەکردن. بەڵام، ئاین بەبیانوی پیرۆزیی، دەیەوێ خۆی بخاتە سەروورەخنەوە، وەکچۆن 'قانون'یش بەپاساویی شکۆداریی، خۆی لەسەروو رەخنە دادەنێت (Kant, 2004, p. 60). بەرای کانت، دەبێ هەموو شتێک بخرێتە بەردەم دادگای رەخنەوە (Kant, 2004,



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(4).paper9 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.4, December.2020

p. 62). بەڵام، ڕەخنەکردنێ کە لەسەر بنەمای "دەسەڵاتی ووشە[vii]" نەبێ، بەڵکو بەرمەبنەمای ڕێسایەکی هەمیشەیی نەگۆڕ کە هەڵقوڵاوی ژیری پەتی بێت (Kant, 2004, p. 62).

هەروەها، لای کانت دیالیکتیکی ترانسێندێنتاڵ؛ بریتییە لەڕەخنەکردنی تێگەیشتن و ژیر بەشێوازێک کە سنوورەسروشتییەکان تێپەڕێنێت. ئامانجی ئەم ڕەخنەیەش، هەڵماڵینی بۆچوونە فریودەرو هەڵخەڵەتێنەرەکانی ژیر خۆیەتی. لەکاتێکدا دەبێت لۆجیکی ترانسیدنتاڵ ئەو دەرکەوتە دیالیکتیکە ڕەخنەبکات. کەواتە، دیالێکتیکی ترانسدنتال، ڕەخنەکردنی لۆجیکی دەرکەوتە. بەڵام، ئەم دیالیکتیکە، هونەری دەرکەوت و دیاردەکان نییە کە دۆگماتیک(ئەوەی لەمیتافیزیک باودایە). بەڵکو، دەبێت ڕەخنەی ژیر لەبەکارهێنانە سەرەکیەکەی بێت.
ئەم ڕەخنەیە دەمامک لەدەرکەوتەساختەو بێبنەماکان نیو ژیر/تێگەیشتن هەڵدەماڵێت. هەموو بڕیارەکانیش بۆ بڕیاری ژیری پەتی دەگێڕێتەوە (Kant, 2004, p. 155). لێرەوە، لۆجیکی ترانسێندێنتاڵ واتا ڕەخنەی دیالێکتیکی ژیرو بەکارهێنانی تێگەیشتنی پەتییە (Kant, 1998(2009), pp. 199-200) . هەڵبەت، لۆجیکی ترانسێندێنتاڵ دووشت دەگرێتەوە : چەمکەکان(چەمکەشیکاریەکان) و بنەماشیکاریەکان (Kant, 1998(2009), p. 201).

## 2 - ڕەخنە کێ و چی دەگرێتەوە؟

ڕەخنەی ژیری پەتی، لەدژی دۆگماتیزمە –وەک ڕێبازێک- نەک دۆگمایی زانستی (Kant, 2004, p. 86). چونکە، "دۆگمایی زانستی" کە بنەمای نەگۆڕو پێشیانەیی هەیە، جیایە لە دۆگمایەک کە دژی ڕەخنەو پاوانکردنی ڕاستییە. بەتایبەت، دۆگمی فێرگەیی[viii] 'ڤۆلف' کە کانت بەگەورە فەیلەسوفی دۆگماکان ناویبردووە. گرفتی ئەو فەیلەسوفە دۆگماییە لەگەڵ ئەوەی کە توانای بەزانستکردنی میتافیزیکی بەڕێی ژیری پەتی هەبووە، کەوتۆتە ژێرباری ئەو بیرکردنەوە دۆگماییەی لەسەردەمەکەیدا باوبووە. ئەگینا، کەموکورتیەکە-دۆگما- خۆی ناخرێتە ئەستۆی 'ڤۆڵف'. بۆیە، کانت پێیوایە، ئەوەی ڕەخنەی ژیری پەتی ڕەتکاتەوە، جگەلە قسەلۆک هیچی بۆوتتن نامێنێتەوە. ئیتر، فەلسەفە دەبێتە فیلۆدۆکسی- گەمەکردن بەزانین کە بەپێی میزاجی ڕاوبۆچوونەکان، نەک زانینی دروست دەجوڵێتەوە (Kant, 2004, p. 86).

لێرەوە، دادگاییە ڕەخنەییەکەی کانت بڕیاردانە لەسەر کێشەیەکی فەلسەفی بنەڕەتی: ئایا میتافیزک بەشێوەیەکی گشتی ڕێتێدەچێت یان نا؟ بۆیە، ڕەخنە ڕاستەوخۆ سەرۆکاری لەگەڵ میتافیزیکدا هەیە. تەنانەت، میتافیزیک دەبێتە ڕەخنەکردنی تواناکانی ژیر و زانین. هەڵبەت، ئەگەر میتافیزیک پڕگرفتیش بێت ناکرێت بەجارێک بخرێتەلاوە. چونکە، زادەی بیری مرۆڤ خۆیەتی. بۆیە، 'نابێت چاوەڕی ئەوەبین لەژیری مرۆڤ بەیەکجار و هەتاهەتایە لەتوێژینەوەی بابەتە میتافیزیکیەکان دەستهەڵبگرێت. وەکچۆن بێزاربوون لەهەوای پیس، ڕێگرنییە لەوەی ڕۆژێک هەناسە هەڵنەکێشین' (Kant, 1999, p. 156)


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(4).paper9 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.4, December.2020

. کەواتە، وەکچۆن هەمیشەو لەهەموو سەردەم و شوێنێکدا میتافیزک هەر هەبووەو دەبێت، ئاوەهاش رەخنەکردن دیوێکیتریەتی.

## 3 - خۆڕزگارکردن لەهەژمونی بۆچوونەباوەکان:

کانت بەکتێبی 'ر.ژ.پ' خۆی لەدۆگماتیزم کە بەهۆکاری مەترسیدار لەسەر ژیری مرۆڤ دادەنێ، جیادەکاتەوە. خانەی دۆگماتیزم 'دیکارت، لۆک و هیوم و میتافیزیکی باو کەلەلایەن 'ڤۆلف'ەوە(1679–1754) و شوێنکەتوانی بەتایبەت باومگارتن(1714–1762) دەگرێتەوە. کانت بەرەخنەکانی ئەمانە رەتدەکاتەوە. بێجگەلە رەخنەکردنی دۆگماتیزمی میتافیزیکی باوی پێشخۆی، رەخنەی ووردی چەند دیدێکی فەلسەفی کردووە:

- گومانگەریی هیوم(1711–1776).
- ئیمپیریزم بەتایبەت لۆک(1632–1704) کە زانین تەنها لەسەر بنەمای ئەزموونکردنی تاک دادەمەزرێت.
- کەمتەرخەمەکان[ix] ئەوانەن کە میتافیزک رەتناکانەوە، بەڵام هەر هەوڵێکی پاساودان و سەلماندنی سیستماتیکی میتافیزیک رەتدەکەنەوە.

ئیتر، ئەمەوادەکات کانت بەرەخنەکانی لەچەند بەرەیەکی جیاوازدا بجەنگێت (Wood, 2009, p. 3). بەڵام، ئامانجی سەرەکی و کۆتای رەخنە، رەخنەگرتن نییە لەپێناو رەخنە خۆیدا. بەڵکو، دۆزینەوەی رێچارەیەکە لەنێوان دۆگماتیزمی میتافیزیکی ئایدیالیزم و گومانگەری و ئەزمونگەریدا (Wood, 2009, p. 20). لەلایەکیترەوە، کانت لەپێشووتەی چاپی یەکەمیدا، بەئاشکرا هێرش دەکاتەسەر گومانگەرەکان و بەناشارستانی–بەربەری– ناویاندەبات. ئەو گۆمانگەرەکان وەک –نۆماد– کۆچەری و بەناشارستانی وەسفکردووە (Kant, 2004, p. 60).

ئەگەرچی ژمارەشیان کەمبوو، ئەمانە دژ بەیەکبوونی نێوخۆیی (شانشینی پروسیا)بوون[x]. شایەنی ئاماژەیە ئەو، گومانگەرەکان بەرەوەندەبەربەرییەکان دەچوێنێت (Wood, 2009, p. 3). ئەمەش، تەنها بەکارهێنانێکی میتافۆریانە یان رەوانبێژی لەپشتەوەنییە. بەڵکو، ئاماژەیە بەمەترسیەکی گەورە لەسەر دەسەڵاتی ژیر لەبواری میتافیزیکدا. جگەلەوەی، ئەو گومانگەرانە، پڕن لە ناجێگیریی و رارایی، هاوکات پرسی میتافیزیکیان بەهەڵپەسێراوی و یەکلانەکراوەیی بەجێهێڵاوە. ئەوان کەسانێکی یاخی دەرەشاریی و ناشارستانین. خوازیارن تەنها قەڵای شاهانەی میتافیزیک بڕوخێنن (Wood, 2009, p. 3).

لەگەڵ ئەوەشدا، کانت خۆشحاڵە کە دواجار نەیاتوانی ببنەرێگر لەبەردەم سەرهەڵدانی نوێگەری و بابەتێکدا کە بەبۆچوونەکانیان ناکۆک و هاوڕانییە. ئەگەرچی ئەو ستایشی هەوڵەکەی 'لۆک' دەکات کە ویستی مەسەلەی گومان


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(4).paper9 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.4, December.2020

یەکلابکاتەوە. بەڵام، کەوتەداوی دۆگماتیکی ئەزموونیەوەو هەوڵەکەی سەرنەکەوت. ئەمەش ڕێخۆشکەربوو بۆئەوەی کانت هەوڵبدات شاژنەکە–میتافیزیک– لەدۆگما رزگاربکات و بەرگێکی تازەی بەربەرداکاتەوە.

گازندەیەکیتری کانت لەدۆگمای گومانگەرەکەکان ئەوەیە؛ مادام توانای زانین لەخۆیدا جێی بێمتمانەیی و گومانکردنە، ئیتر ئەوان بێباک و خەمساردانە لەگەڵ پرسە میتافیزیکیەکاندا جوڵانەوە. لەهەمووشی خراپتر ئەوەیە کە هەوڵیاندا بەرێگەی ڕێبازی فێرگەیی و بەزمانی ڕەشۆکیباو و بازاڕی(میلییە)وە راستی خۆیان بشارنەوە. سەرەرای ئەوەی کە ویستویان لەمیتافیزیک بدەن، هەر خۆیان کەوتوونەتە داوی لێکدانەوەی میتافیزیکیەوە.

لێرەوە، خەمساردی گومانگەری ئەوەیە: لەژێرناوی کەمتوانایی زانین و گومانکردن لەتوانای زانینیی ژیرەکی لەبەدەستخستنی زانیندا، پرسەکەیان بەبابەتیتر رۆپۆشکردو مرۆڤیان دەستخەڕۆکردووە. زانراوە، سەروەختێ کانت لەژێر کاریگەری گومانگەریی 'هیوم'دا بووە. بەڵام جیاوازیەکە لەوەدایە؛ گومانی کانت لەزانینی ژیرەکی ئامانجی سەرەکی گومانکردن نییە لەخۆیدا، بەڵکو چارەسەرکردنی پرسەکەیە لەبنەڕەتەوە. ئەوەشی لەدۆگمای گومانگەرییەکان جیایدەکاتەوە ئەوەیە، وەک ئەوان گومانی رەها لەزانینی میتافیزیکیانە ناکات. بۆیە، دەبێت، تویژینەوە لەپووچی ئەو ڕێبازەش بکرێت لای کانت.

کەواتە، هەڵوێستی رەخنەیی کانت دەکەوێتە پێگەیەکی ئاڵۆزەوە. چونکە، بەرەخنەکردنی تێزەکانی پێشخۆی، ئەرکی سەرشانی قورسکردووە. لەکاتێکدا، بەبێ فەلسەفەیەکی رەخنەیی نەدەکرا خۆی رزگاربکات. ئەوان دوور لەرەخنە سەرقاڵی پرسە میتافیزیکیەکان بوون. بۆیە، لەتێزەکانیاندا خۆسەپێن و ستەمکاری هەیە. لەبەرئەوەی، راوبۆچوونەکانیان بەبێ بەڵگە بەسەر ژیردا سەپاندووە. بەمەش ستەم لەژیری پەتی کراوە. چونکە، ژیر دەبێت وەکخۆیی و لەدەرەوەی سانسۆرو بڕیاری پێشوەختە بیربکاتەوەو بڕیاربدات.


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(4).paper9 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.4, December.2020

## تەوەری سێیەم: رەخنە وەک رێچارەیەکی فەلسەفیی

### 1 - رەخنە وەک تاکە رزگارکەری میتافیزیک/فەلسەفە

تاکە دەرفەتی رزگارکردنی ژیر و مانەوەی میتافیزیک رەخنەیە. چونکە، ململانێی درێژخایەنی میتافیزیستەکان لەنێوان خۆیاندا بەدرێژایی مێژووی فەلسەفە ئاکامی نەبوونی رەخنەبووە. لێرەوە، ناکۆکی نێوان میتافیزیستەکان و ئایین یان نێوان قوتابخانە فەلسەفەیەکان، ئەنجامێکی ناچاری نەبوونی رەخنەیە. ئەوەندە ئەو رێبازانە دەمارگیرو دۆگمایی بوون تائەوڕادەی خۆیان لەسەروو رەخنەوە دادەنا. تەنانەت، ئەو راستەیەشیان دەشاردەوە کە هەندێ بابەت هەیە مرۆڤ نایزانێت. بەڵام، لەبەرخارتری جەماوەرو هەوادارەکانیان، هەر قسەیان تێدادەکرد!

لێرەوە، پاوانکردنی راستیەکان بەناوی زانست و فەلسەفەو ئایین و سیاسەتەوە، مەترسیدارە. کاری رەخنەش، دژایەتی ئەو پاوانکارییە کە لەژێر ناوی "هەقیقەت"دا، خۆی بەبێ پرسیاری رەخنەیی بەسەر ژیردا بسەپێنێت. **لەبەرئەوە،** تاکە دەریچەی رزگارکردنی ژیرو ئاسۆی مانەوەی میتافیزیک لەدیدی کانت دا ***رەخنەی ژیرو خۆخۆڕەخنەکردنی ژیرە.*** لەبەرئەوە، فەلسەفەی رەخنەیی کانت، ئەو ئەرکە لەپێشینەی لەئەستۆگرتووە هەروەک لەهەڵبژاردنی ناونیشانی شاکارەکەیدا بەروونی رەنگیداوەتەوە.

### 2 - کێ بەرەخنە هەڵدەستێت؟

ئایا رەخنە لەدەسەڵاتی کێدایە؟ یان رەخنە بۆخۆی دەسەڵاتێکەوە کە دەکەوێتە سەرووی دەسەڵاتەکانیترەوە؟ وەک پێشتر ئاماژەی پێکرا، ژیر دووئەرک و دووجۆرە فەرمانی لەسەرە: رەخنەکردنی تواناکانی زانین و سنوورەکانی. هەروەها، رەخنەکردن بڕیارەکانی خۆشی. بەواتایەکیتر، ژیر کە رەخنەگرە، دەبێ هاوکات رەخنەشی لێبگیرێت و ناکرێت بخرێتە دەرەوەی رەخنەکردنەوە. وەکچۆن دەبێت ژیر هەموو چالاکیەکانی خۆی بخاتە ژێررکێفی رەخنەکارییەوە.

بۆیە، پێشمەرجی رەخنەکردن ئازادیەو ناکرێ ئازادی رەخنە بەهیچ قەدەخەکردنێک سنووردداربکرێ بەبێ گەیاندنی زیان بەخۆی (Kant, 1998(2009), p. 643). بەدەربڕینێکیتر، بوونی ژیر بەندە بەم ئازادییەوە کە لەخۆیدا دەسەڵاتێکی دیکتاتۆریانەی نییە (Kant, 1998(2009), p. 643). بۆیە، رەخنە واتە دادگایکردنی ژیر بەهۆی ئەو ناکۆکیانە لەژێری پەتیدا کەوتوونەتەوە. بەڵام، رەخنە/دادگاییەکە هێرشکردن نییە. چونکە، رەچاوی رێسایەکی بنەڕەتی و دەستورێکدەکات (Kant, 1998(2009), p. 649).



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(4).paper9 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.4, December.2020

چالاكی رەخنە، كارێكی رەمەكی و گۆترەیی نییە. بەڵكو، بەشێوەیەكی سیستماتیكی و بەرنامەڕێژكراوە. رەخنە سەرەتا لە هەڵسەنگاندن تواناكانی ژیرو زانینەوە دەستپێەكات، دواجار خۆشی دەبێتەوە بە بەشێک لەپرۆسەی رەخنەیی. ئەم، ئەڵقەیە یان بازنەیە لەپرۆسەی رەخنەدا، بابەتیبوون و زانستیبوون دەردەخات. چونكە، چالاكی رەخنە هەر بەدیوێک و یەكباردا كارناكات، بەڵكو بڕیارو ئەنجامگیریەكانی خۆشی بەپرۆسەو فیلتەری رەخنەدا تێدەپەڕێنێت.

ئەمەش، ئاگاییەكی باڵای ژێر دەردەخات كە بڕیارەكانی خۆی بەبەشێک لەو پرۆسە رەخنەییە دادەنێت كەپێهەڵدەسێت. واتە، ئاگاییەكە سەبارەت بەو بابەتەی رەخنەی دەكات، هاوكات ئاگاییەكە ئەوەندە وریایدەكاتەوە كەپێویستە بڕیارەكان و رەخنەكانیشی خۆی هەڵبسەنگێنێتەوە. ئەم، جۆرەبیركردنەوە بەهەوێنی ئەو بابەتەی ئەمڕۆ لە پرۆگرامی ئەكادیمیدا بە 'بیركردنەوەی رەخنەییانە' دەناسرێ، دادەنرێت.



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(4).paper9 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.4, December.2020

## ئەنجام:

ڕەخنەکردن و بیرکردنەوەی ڕەخنەیی وەک چالاکیەکی باڵاو یەکەمی ژیری مرۆڤ، دەستدەبات بۆ ئەو پرسە میتافیزیکی و ئیپستمۆلۆجیانەی کە مێژووی فەلسەفەی پێش کانت سەرقاڵکردبوو. ئیدی، لە 'کانت'ەوە، ئاراستەی فەلسەفە گۆڕاو بەرەو ڕەخنەگرتن چوو. چالاکی بیری فەلسەفیی لەو فۆرمە چەقبەستوو و دۆگماتیکەی کە هەیبوو، کەوتەبەر ڕەخنەگرتن. لەم سۆنگەوە دەکرێت بووترێ؛ پرۆژەی فەلسەفیی کانت سەرلەبەری لەژێر یەک دروشم یان ناونیشانێکدا کۆدەکرێتەوە: ڕەخنەکردن و ڕەخنەکردنەوە. بەمەش کانت سەرلەنوێ چیەتی فەلسەفەو ئەرکی فەلسەفەی پێناسەکردەوە. چیتر فەیلەسوف داکۆکیکارو بانگەشەکاری ڕێبازێک نییە.

فەلسەفە، واتە ڕەخنەکردنی تواناکانی ژیرو دەستنیشانکردنی سنوورەکانی زانین. بەو واتایە، ئیپستیمۆلۆجی و میتافیزیک و ئاکار دەبێت ڕەخنەیی بن. هاوکات، ژێر پێشئەوەی سەرقاڵ و سەرۆکاری لەگەڵ هەر پرس و گرفتێکی فەلسەفیدا هەبێت، دەبێت لەتواناو سنوورەکانی خۆی بکۆڵێتەوەو بیخاتەژێر چالاکی ڕەخنەوە. چونکە، لەرەخنەکردنەوە فەلسەفە دەکەوێتەگەڕ. کەواتە، لەم دادگەیەدا هەم ژیر ڕەخنەگرو داوەرەکەیە، هەم ڕەخنەلێگیراو و کەتنکەرەکەیە.


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(4).paper9 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.4, December.2020

# What is critique in Kant's Critical philosophy

**Nawzad Jamal Faraj**

Department of Philosophy, College of Art, University of Salahaddin, Erbil, Kurdistan Region , Iraq.

**E-mail:** Nawzad.faraj@su.edu.krd

## Abstract:

This paper tries to answer a main question: what is critics and criticism? It is obvious that Kant's philosophy marked by "Criticism" which is defined as a philosophical turn in the history of philosophy. In Kant's philosophy critic is not just a title of his three main books, but it is his way of look at philosophy and the role of philosopher. In other words, the main task of philosophy and philosophizing, it is not defending or interpreting a single philosophical perspective, but it is to judge and criticize all kinds of philosophical enquires.

This mean that since Kant's approach, philosophical inquiry has taken another direction: toward the critic of philosophical subjects. Philosophy have to start with critic of reason and its scope. And reason alone is in charge of criticizing. In other words, reason is the suspicious guilty one and the defender in the court of reason.

**Keywords:** Critics, Goal, Function, Transcendental Philosophy **.**



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(4).paper9 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.4, December.2020

## سەرچاوەکان:


Arendt, H., 1996. Oordelen: Lezingen over Kants politieke filosofie. s.l.:Krisi Parresia.

Deleuze, G., 1984. Kant's Critical Philosophy. London: THE ATHELONE PRESS.

Di Giovanni, H. H. G., 1985. Between Kant and Hegel Vii. I. s.l.:SUNY State University of New York.

Kant, I., 1998(2009). Crtique of Pure Reason. s.l.:Cambridge University Press.

Kant, I., 1998(2009). Crtique of Pure Reason. s.l.:Cambridge University Press.

Kant, I., 1999. Prolegomena. trs. Jabbik Veenbass& Willem Visser.. 1 ed. s.l.:Boom Amsterdam.

Kant, I., 2004. Kritiek Van De Zuivere Rede, Jabik Veenbaas& Willem Visser. Amsterdam: Boom.

Kant, I., 2004. Kritiek Van De Zuivere Rede, Jabik Veenbaas& Willem Visser. Amsterdam: Boom.

Mudroch, H. H. V., 2005. Kant and Kantianism. s.l.:The Scarecrow Press .

Palmquist, C. L. F. a. S. R., 2019. Kant's Philosophy of Religion Reconsiderd Again. s.l.:s.n.

Sedgwick, S., 2012. Hegel’s Critique of Kant From Dichotomy to Identity. s.l.:OXFORD UNIVERSITY PRESS.

Thorpe, L., 2015. The Kant Dictionary. s.l.:BLOOMSBURY .

Wood, P. G. &. A. W., 2009. Introduction to the Critique of Pure Reason. In: Critique of Pure Reason. s.l.:Cambridge University Press, pp. 1-77.

**ابراهيم، د. ز.، ط الاولى ١٩٦٣. كانط او الفلسفة النقدية: عبقريات فلسفية. مكان غير معروف:مكتبة مصر.**


[i] ئەم توێژینەوە وەک بەشێک لەپێداویستی دکتۆرا تێزی 'ڕەهەندەکانی رەخنە لای کانت' بەسەرپەرشتی پ. د. حەمید عەزیز. بەشی فەلسەفە/ کۆلێجی ئەدەبیاتی زانکۆی سەلاحەدین.

[ii] Speculative

[iii] Transcendental

[iv] هەر لەبەرئەوە بەکارهێنانی دەستەواژەی "ڕێبازی کانتیان"ە، بەجۆرێک ناهەقیکردنە بەرەنجی رەخنەیی کانت. چونکە، ئەو خۆی وەسفی ڕێبازی بەکارنەهێناوەو "ڕێباز" بیری نەگۆڕی دۆگماتیکیە کە کانت هەر لەسەرەتاوە دژی دۆگم بووە.

[v] Scandal

[vi] (Doctrine)ڕێڕەو/ قوتابخانەو بیروباوەڕپەرستی، فەرهەنگی ئازادی.

[vii] واتە، هێزوپێزی ریتۆریک/ ڕەوانبێژیی نییە، بەڵکو هێزی ژیر.

[viii] Scholastic

[ix] Indifferentism ئەوانە پێیوان وایە جیاوازی باوەری ئایینی گرنگی و بایەخی نییە.

[x] لێرەدا جۆرەلێکچوون لەنێوان دژایەتیکردنی سۆفستاییەکان لەلایەن ئەفلاتون و ئەوەی کانت دا هەیە. چ سۆفستاییەکان و چ گومانگەرەکان بەخەڵکی بەربەری، ناشارستانی و دەرەکی/ بیانی ناودەبران!



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(4).paper9 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.4, December.2020